حکومەتی ئێران گەشتکردن لە خەزانی ژینا ئەمینی قەدەغەکرد

بەپێی ئەو هەواڵانەی میدیاکانی سەر بە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران، کە شەوی ڕابردوو (8ـی کانونی یەکەمی 2023) بڵاوکراوەتەوە، هەریەکە لە ئەمجەد ئەمینی و موژگان فخاری و ئەشکان ئەمینی، دایک و باوک و برای ژینا ئەمینی، لە کاتێکدا چوونەتە فڕۆکەخانەی خومەینی لە تاران، بە مەبەستی گەشتکردن بە فڕۆنسا بە ئامادەبوون لە ڕۆوڕەسمی پێدانی خەڵاتی ساخاروڤ بە ژینا، پێیان ڕاگەیاندراوە گەشتکردنیان لە قەدەغەکراوە و هاوکات دەستگیرا بەسەر پاسپۆرتەکانیاندا.

کچە کورد ژینا ئەمینی لە 22ـی تەمووزی 2000 لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، لە ڕۆژی 13ـی ئەیلوولی 2022 لە تاران پایتەختی ئێران بە بیانووی نەگونجاویی حیجابەکەی لەلایەن پۆلیسی ڕۆشتی ژەمی ئێران دەستبەسەر کرا و بەهۆی ئەشکەنجە و لەدان دوای سێ ڕۆژ لە 16ـی ئەیلوولی 2022، لە نەخۆشخانەی کەسرا لە تاران کۆچی دواییی کرد.

مردنی ژینا ناڕازایەتییەکی بەرفراوانی کەمەگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی لێکەوتەوە، هەروەها لە ئەنجامی کوژرانی ژینا ئەمینیدا جوانەوەی جیهانی بە درووشمی «ژن ژیان ئازادیی» سەری هەڵدا و ئەو بزووتنەوەیە لە ساڵی 2023 لەلایەن پەرلەمانی ئەوروپاوە وەک کاندید بە خەڵاتی ساخاروڤ هەڵبژێردرا بە بەرگریکردن لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ.